# کۆکردنەوەی ئەفسانەکان لەو ڕۆژگارەماندا

لە ئەڵمانییەوە: عەبدولموئمین دەشتی
(ئەڵمانیا)

**پێشەکی:**

ئەو باسەی خوارەوە، بریتییە لە پاشەکی کتێبێکی ئەڵمانی بە ناوی (ئەفسانەی ژاپۆنی) کە لەلایەن نووسەری ئەڵمانی (ڕۆتراود زێکی) نووسراوە، کتێبەکە لە ساڵی ٢٠١١ بڵاوکراوەتەوە. نووسەر، خاتوو ڕۆتراود زێکی (Rotraud Saeki) لە ساڵی ١٩٤٧ لە (Speyer/Rhein)ی ئەڵمانیا لەدایکبووە، زمانی ئەڵمانی و بیۆلۆگی لە زانکۆی ( (ماینز- Mainz) خوێندووە. بە هۆی هاوسەرگیرییەوە چووەتە ژاپۆن و لە ساڵی ١٩٧١وە لە ژاپۆن دەژیت. لەوێ وەک مامۆستای زمانی ئەڵمانی لە قوتابخانە تایبەتییەکاندا کار دەکات و لەو کاتەوەش فێری زمانی ژاپۆنی بووە، خەریکی کاری دیلماجی و وەرگێڕانە. لە پاڵ کارەکانیدا خۆی بە چڕی بە ئەفسانە ژاپۆنییەکانەوە خەریک کردووە، بە تایبەتی گێڕانەوە و حەکایەتەکانی دوورگەکانی ئۆکیناوا، بۆخۆی لە هیرۆشیما دادەنیشێت.

حەزم کرد ئەو بابەتە وەک ئەزموونێکی گرنگی بایەخدانی گەلان بە کولتووره کۆنەکانی خۆیان، لە گۆڤاری ئازیزی ڕامان بڵاوبکەمەوە، بەڵکوو ببێتە هاندانێکی نوێ، دەزگا ڕۆشنبیرییەکان و نووسەرانمان هان بدات، کامپینێکی نوێی کۆکردنەوە و بایەخدان بە ئەفسانە کوردییەکان دەست پێ بکەن.

نزیکەی سێ ساڵە تەواوی کتێبەکەم لە زمانی

یەکەمەوە، ئەڵمانی، وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەفسانەکان مێتۆلۆژیای ژاپۆنمان دەخەنە بەرچاوان، کتێبێکی سوودبەخشە، بەداخەوە، تا ئێستا دەزگایەک دەرفەتی بڵاوکردنەوەی بۆ نەڕەخساندووە، لەوە دەچێت، بانگەشەی ئەوەی مۆدێلی ئەفسانەکان بەسەرچووە، لای خۆمان ڕەگی داکوتابێت، بەڵام ئەو بابەتەی خوارەوە، ئەو مۆدێلی بەسەرچوونەی ئەفسانە میللییەکان ڕەت دەکاتەوە. فەرموون ئێوەو بابەتەکە:

زۆر جاران وا دادەنرێت کە هەموو ئەو ئەفسانە و حەکایەتانەی هەن، لە سەردەمی برایانی گریم کۆکراونەتەوە و نووسراونەتەوە. لە ژاپۆنیش ماوەیەکی زۆر کار بۆ کۆکردنەوەی ئەفسانەکان کراوە، پێشەنگی ئەو کارەش (یاناگیتا کونیۆ ١٨٧٥-١٩٦٢) بووە. لە سەرتاسەری ژاپۆندا کۆمەڵێک خەڵک هەبوون و هەن کە تا ئەمڕۆش خەریکی کۆکردنەوەی ئەو حەکایەت و ئەفسانانەن کە دەماودەم و زارەکی هاتوون و دەگێڕدرێنەوە. هێشتان کەرەستەیەکی زۆر لەبەردەستدان، زۆربەی ئاوایی و شار و لادێکان ئەفسانە و داستان و حەکایەتەکانی خۆیان نووسیوەتەوە و چاپیان کردووە. دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆری ئەفسانەکان، کۆکراونەتەوە و نووسراونەتەوە.

لەو سەردەمەدا چیدی داپیرەکان لە دیار ئاگردانە ڕواڵەتییەکان (virtuell) چیرۆکە کۆنەکان بۆ نەوەکانیان ناگێڕنەوە، نەوەکانیش پتر حەزیان لە خوێندنەوەی نامیلکە کۆمیکییەکان و یارییە ئەلکترۆنییەکان و کۆمپیوتەر و تەلەڤزیۆن و ئامرازە ئەلکترۆنییەکانە. بارەکە وا دەردەکەوێ، کە باوەڕ بەوە بکەین، ئیتر چەرخی ئەفسانەکان و کاری کۆکردنەوەیان بەسەرچووبێت و کۆتایی هاتبێت، بەڵام من بەخت یاوەرم بوو، لە ڕێکەوتێکی گونجاودا، هەلی ئەوەم بۆ هەڵکەوت بە ئەزموون و کردار، بە چاوی خۆم ببینم کە ئەو بۆچوونە بنچینەیەکی ڕاستی نییە، هێشتان لە وڵاتێکی وەکوو ژاپۆن گرووپێک مامۆستا و پرۆفیسۆری کەلەپووری میللی هەن، کون بە کون بەدوای ئەفسانەکاندا دەگەڕێن و دەیاندۆزنەوە.

ڕۆژێکیان پرۆفیسۆر (ئێندۆ) کە دەکرێت بە (گریم)ی ئەفسانەکانی ژاپۆن ناو بنرێت، تەلەفۆنێکی بۆ کردم و بانگهێشتی کردم، بۆ ئەوەی لە ئابی ٢٠٠٤ -دا بەشداری پرۆژەیەکی کۆکردنەوەی ئەفسانەکانی سەر دوورگەی ساکیشیمای سەر دەریای (سێتۆ)ی دەریای ناوەڕاستی ژاپۆن بکەم. ژمارەی بەشداربووان هەشت کەس بوون، پێنج ژن و سێ پیاو.

لە ئێوارەی چوارەم ڕۆژی مانگی ئابدا لە (میهارا) لەگەڵ پرۆفیسۆر ئێندۆ یەکمان گرت. لە کتێبخانەی شارەکەدا، هەموو دوکیۆمێنتە پێویستەکانی ئامادەکردبوو کە لە دوورگەی ساکیشیما دەست دەکەوتن. بۆ هەر یەکێک لە ئێمەی بەشداربووان، دانەیەکی کۆپی کردبوو. هەر یەکێک لە ئێمە دانەیەک لە کاغەزەکانمان وەرگرت، داوامان لێ کرا کە تا ڕۆژی دواتر تەماشایان بکەین و بە ناواخنەکانیاندا بچینەوە و پێیان ئاشنا بین.

بە پێی پلانی کارەکە ٥ی ئاب بۆ سەردان و دیتنی دوورگەکە و دەوروبەری تەرخان کرابوو، بە مەبەستی ئاشناییمان لەگەڵ جێگاکەدا. ناوی مەزارگە و پەرستگاکان، مەیدانەکان، چیاکان و کەپکەکانی ناو دەریا (ئەو تیلمە چیایانەی کە سەریان کێشاوەتە ناو دەریا)، بۆ کارەکەمان ئەوە زۆر گرنگ بوو، کە پێیان ئاشنا ببین و بە نامۆیی لامان نەمێننەوە.

لە بەندەری میهاراوە بە کەشتی تا دوورگەی

ساکیشیما نزیکەی نیو کاتژمێری دەخایاند. دوورگەیەکی بچووک، ڕووبەرەکەی نزیکەی ١٢ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، ناوچەیەکی شاخاوی دژوار، بستە زەوییەکی تەختی تێدا نابینی کە بۆ کشتوکاڵ بشێت. لە سەردەمی کۆنەوە دانیشتووانەکەی خەریکی کاری بەلەمسازیی بوون، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بە شێوەیەکی سەرەکی خەریکی باخداری درەختی لالەنگین. لە کاتە هەرە گونجاوەکاندا نزیکەی ٣٣٠٠ کەس لەسەر دوورگەکەدا ژیاون، ئێستا تەنیا ١٣٠٠ کەسێک لەسەر ئەم دوورگەیەدا دەژین کە پتر لە نیوەیان تەمەنیان لەسەرەوەی ٦٠ساڵیدایە.

لەسەردەمی حوکمڕانی مایجی (Maiji)، ئەو کاتەی کە ژاپۆن دەرگای پێوەندییەکانی خۆی بەرەو ڕۆژئاوا ئاوەڵا کرد، لەسەر دوورگەی ساکیشیما -ش جیاکردنەوەی ئایینەکانی بوودایی و شینتۆیی لە یەکتری بە تەواوی جێبەجێ کرا. ئایینی بوودایی تاڕادەیەک بە تەواوی وەلانرا و خەڵکەکە گەڕانەوە سەر ئایینی شینتۆیی، جا ئایا ئەمە بە ئازادیی خەڵکەکە بوو، یان بە داری زۆریی، لێرەدا ئەوە بابەتی باسی ئێمە نییە، ئەوەی دەزانرێت ئەوەیە فەرمانێک بوو لەسەرەوە هاتبوو و جێبەجێ کرا. بەشێک لەو جیاکارییە ئایینییە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش دەبینرێت، بۆیە جاربەجار لە نێوان خەڵکەکەدا کێشە دێتە کایەوە. دوورگەی ساکیشیما لە سەدەی ناوەڕاستدا کەوتبووە سەر زەمینەکانی موکارامی سویگون، دەتوانرێت پەیڤی سویگون بە مانای چەتەکانی دەریا، یان ڤیکینگەکان وەربگێڕدرێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بنەماڵەی موکارامی دەستیان بەسەر دەریای سێتۆ و هەموو دوورگە و ڕێگاوبانەکانیدا داگرتبوو، باجیان لە هەموو ئەو کەشتییانە وەردەگرت کە بەو ناوەدا تێدەپەڕین.

**پێنجی ئاب:**

لە شەوەکەیدا لافاوێکی بچووک ناوچەکەی گرتەوە، بەڵام زۆر زوو ئاووهەواکە خۆش بووەوە، دیار بوو کە ڕۆژەکەی زۆر گەرم دەبوو.

بەیانییەکەی زوو ئێمە سواری کەشتییەک بووین، کەمێک دوای کاتژمێر نۆ و نیو گەیشتینە بەندەری ساکی. دابەشی سەر دوو ئۆتۆمبێل کراین، هەر یەکێک لە ئێمە ئامێرێکی هۆکی توکیمان وەرگرت، بۆ ئەوەی بە هیچ جۆرێک یەکتری گوم نەکەین، جا پەرت بووین و ڕوومان کردە مەزارگە و شوێنی دیدەنییە جۆراوجۆرەکان. ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا، ئەوە بوو کە لە چاو گەورەیی دوورگەکەدا، ژمارەیەکی زۆر مەزارگەی هاخیمانی لەسەر دوورگەکەدا هەبوون.

(هاخیمان خوداوەندێکی ژاپۆنی بووە کە لەلایەن هەردوو ئایینی شینتۆ و بوودایی ڕێزی لێ گیراوە. ع. د.) پرۆفیسۆر ئێندۆ سەرنجی ئێمەی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە لە دەریای سێتۆ-دا زۆر شوێن هەن پێوەندییان بە ڕاسپێردراوی تەختی پاشایەتی جینگۆ کوێگۆ (١٧٠-٢٦٩ ز) هەیە، کە لە سەردەمە کۆنەکاندا جەنگی دژی کۆریا هەڵگیرساند. کوڕەکەی ئۆژین تینۆ (٢٠١-٣١٠ ز) پایەی خوداوەندی پێ دراوە و بە خوداوەندی شەڕ ناسراوە. ئێمە لە گەڕانەکانی دانی بەیانیماندا، سەردانی سێ مەزارگەی هاخیمان-مان کرد.

ڕۆژێکی زۆر گەرم بوو، هەر ئەوەتە بوو تیشکی خۆر نەیدەتاواندینەوە. خۆمان چڕ و پڕکردبوو لە مێژووی وڵات و دەریاکە، خەریک بوو لە دەست ئەو هەموو ناوەی خوداوەندەکان و شێوازە بێ ژمارەکانیان، مێشکمان دەکەوتە ئازار و گێژبوون. دەستمان لە کار بەردا و خۆمان بۆ سێ ڕۆژی گەڕان و لێکۆڵینەوە ئامادەکرد. لە کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ، لەوێ دیدەنی ئەو کەسانەمان

دەکرد کە خەڵکی شوێنەکە بوون، دەیانویست چیرۆک و حەکایەتمان بۆ بگێڕنەوە.

کەمێک دوای کاژێر ١٢ گەیشتینە خانەی سیمیناری ساکیشیما. گەدەمان لە برسان قوڕەی لێوە دەهات، بەڵام بەڕێوەبەری خانەکە لە یادی چوو بوو، خواردنی نیوەڕۆمان بۆ ڕابسپێرێت، کاتێکیش پرسیاری چێشتخانەیەکمان کرد، هەموو بەو پرسیارە سادەیە کەوتنە پێکەنین. لەسەر دوورگەی ساکیشیما نە فرۆشگا و نە خواردنگە هەیە. دەبوایە هەموو شتێک لە میهاراوە بۆ ئەوێ بهێنرێت.

دیاربوو بەڕێوەبەری خانەی سیمینار هەستی بە ئازاری گەدەمان کرد، بۆیە ڕایسپارد کە لە میهاراوە بۆ هەر یەکێکمان ژەمێک خواردنی سەفەری بهێنرێت، «بەڵام کەی خواردنەکان دەگەیشتن، ئەوە هەر خوداوەندەکان دەیانزانی!»، ئیتر بەڕێوەبەری خانەی سیمینار کشایەوە و خۆی لە کونجەکەی خۆی شاردەوە.

کاتژمێر گەیشتە یەکی دوای نیوەڕۆ، خەڵکی شوێنەکە هێدی هێدی دەرکەوتن، هەشت پیاو و دوو ژن بوون، هەموویان تەمەنیان لە نێوانی حەفتا- هەشتا ساڵیدا بوو. گەورەترینیان تەمەنی ٨٧ ساڵ بوو، بە کورسی پێداویستی تایبەت هاتبوو. هەموومان لە ژووری کۆبوونەوەکە پێکەوە دانیشتین، پیرەمێرد و پیرەژنەکان، بە تایبەت لە منی ناژاپۆنی و نامۆ، بە ترس و دڵەڕاوکێ ورد بووبوونەوە، بەڵام لە کاتی خۆناساندندا، کە بیستیان من لە ئەڵمانیاوە هاتووم، زوو ترسەکەیان ڕەوییەوە، دواتر من وا حاڵی بووم کە حەزیان دەکرد بە تایبەت قسە لەگەڵ من بکەن، پرۆفیسۆر ئێندۆ ئێمەی پێناساندن و بە وردی ئامانج و مەبەستی لێکۆڵینەوەکەی خۆی بۆ ڕوون کردنەوە. یەکێک لە کتێبە زۆرەکانی خۆی پیشان دان کە لە بارەی ئەفسانەکانی ئۆکیناڤا بڵاوی کردووەتەوە. بە ساڵاچووە بانگهێشتکراوەکان گوێی خۆیان قوڵاغ کردبوو، وردە وردە گەشانەوە و واگاتر بوون. بەڵێ ئەوانیش زۆریان پێ خۆش بوو، کە کتێبێکی ئاوا جوان لەبارەی دوورگەکەی ئەوانیشدا بڵاوبکرێتەوە. ئەوە بوو یەکەمین پیرەمێردیان گەرم داهات و بە جۆشەوە دەستی بە گێڕانەوەی حەکایەتەکانی دوورگەکەی کرد.

هەموو گێڕانەوەکانی بە شێوەیەکی سەرەکی پێوەندییان بە ڕووداوە مێژووییەکان، بە پەرستگا و مەزارگەکانەوە هەبوو، هەروەها بە جیابوونەوەی ئایینەکان لە سەردەمی مایجیدا: «بێننە بەرچاوی خۆتان، ئەوان سەردەمان کانوشییەک، واتە پیری مەزارگەیەکی شێنتۆیی بەرپرسی پرسەدانان بوو! بەڵام پێشتر تا ئەوسا ساڵەهای ساڵ پیرێکی بوودایی لەمە بەرپرس بوو!» حەکایەتخوان بە شێوەیەکی سەرەکی قسەی لەگەڵ پرۆفیسۆر ئێندۆ دەکرد، زۆر جاران بیروڕایان یەکانگیر نەدەبووەوە، گەنگەشەی نێوانیان گەرم دەبوو. دواتر پیرەمێردێکی تر دەستی بە قسەکردن کرد، بە گێڕانەوەیەکی ناوچەیی ئەوێ ئاشنا بوو: «بەڵێ، من ئەوەم لە منداڵییەوە گوێ لێ بووە.»، یارمەتیدەرێک کامێرای فیلم و زەبتەکەی تاقی دەکردەوە، چونکە دەبووایە هەموو قسەکان تۆمار کرابووایە، ئێمەش نووکی خامەکانمان تیژ دەکرد.

دوای ماوەیەک بڕیاردرا کە ببین بە دوو گرووپ، بۆ ئەوەی هەموو شانسی قسەکردن و گوێگرتنیان هەبێت. کاژێر بووبووە سێی دوای نیوەڕۆ، پشوویەکمان دا و خواردنی نیوەڕۆشمان پێ گەیشت. هێز و گوڕێکی نوێمان هاتە بەر، بە تازەنەفەسی گەڕاینەوە ژووری کۆبوونەوە، هەر یەکێکمان بۆ گرووپەکەی خۆی و گوێمان لە قسەکانی یەکتری گرت. هەموو بابەتێک کە پێوەندی بە دوورگەی

ساکیشیماوە هەبوو، وەردەگیرا. لە سەرەتا ئێمە ئەو ئەفسانە کورتانەمان خوێندەوە کە لە لایەن مام میهاتای تەمەن نزیکەی هەشتا ساڵانەوە کۆکرابوونەوە و نووسرابوونەوە. بریتی بوون لە ئەفسانەی (فرێدانی فاسولیا)کەی ڕۆژی سێتسوبون (سەرەتای بەهار لە سێی شوبات دەست پێ دەکات)، حەکایەتێکی «ئیمۆ کانۆن» کە باسی هێنانی پەتاتەیەکی شیرن دەکات کە بە سایەیەوە ئیتر برسێتی ڕووی نەدایەوە.

چیرۆکێکی ئۆتێرەکان کە لە کەناری دەریادا خانوویان دامەزراندووە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ دەتوانرێت ببینرێت، لە کۆمەڵە چیرۆکەکەی میهاتا زۆر بە گەرمی باسی ڕووداو و نەریتەکانی ساڵی نوێ دەکرا، باسی بیرەئاوەکان، ناوی شوێنەکان و هاتنە ئارایان. باسی ڕێگا ئاوییەکان کە دەوری دوورگەکانیان داوە کە لە سەردەمە کۆنەکاندا پاڵەوانەکان بەم ڕێگایانەدا هاتوون. «بەڵێ، لەلای ئێمە خاتوونی خوداوەند کە لەسەر دوورگەی میاجیمادا دەژیت، یەکەمین جار لێرە دابەزیوە، کاتێک کە بە دوای ماڵێکدا گەڕاوە.»، جا باسی ئاهەنگەکان، کە چۆن چۆنی لەسەر دوورگەکەیان بەڕێوەچوون، هەر بەشداربوویەک زانیارییەکی دەخستە سەر بابەتەکان و دەوڵەمەندیان دەکردن، هەموو بە جۆشوخرۆشەوە قسەیان دەکرد. چایەکی زۆر زۆر نۆش کرا، کاتەکە زۆر بەخێرایی تێدەپەڕی، بەردەوام دەبووایە کاسێتی زەبتەکە بگۆڕدرێت و کامێراکە فیلمی نوێی بخرێتە سەر، ئیتر کاژێر شەشی تێپەڕاند و ئێوارە داهات، وردە وردە هەموو ماندوو بوویوون، بە ڕەچاوکردنی تەمەنی مێوانەکانمان، بڕیار درا کە دانیشتنی ئەوڕۆژە کۆتایی پێ بهێنرێت. هەموو پێکەوە نانێکی ئێوارەمان خوارد کە ئەم جارەیان بەڕێوەبەری خانەکە بە ڕێکوپێکی ڕای سپاردبوو، پاشان مێوانەکانمان چوونەوە ماڵەوە.

بەڵام ئێمە لە پێش هۆڵی بنکەکەدا کۆبووینەوە و قسەمان لەسەر بارودۆخی کاری ئەو ڕۆژەماندا کرد، ئایا لێکۆڵینەوەکەی ئەمڕۆمان باش بووە، یان نا. هەڵسەنگاندن و بەرەنجامەکان وایان پێشان دەدا کە باسەکانی ئەمڕۆ بە پۆلێنکردن هەمووی دەگەڕانەوە بۆ سەردەمی «densetusa»، یان «shinwa»، واتە سەر بە چیرۆکی خوداوەندەکان بوون، بەڵام تەنیا سێ چوار لە ئەفسانەکان جۆراوجۆر بوون و لە شوێنەکانی تری ژاپۆن بە گشتی و بە تایبەتی لە دەوری دەریای سێتۆ گێڕدراونەتەوە، کەواتە کارەکەی ئەمڕۆمان خراپ نەبووە.

پرۆفیسۆر ئێندۆ زۆر هانی داین، کە بۆ ڕۆژانی دی، هەوڵ بدەین لە کاتی گێڕانەوەکاندا بایەخ بە مێوانەکان بدەین و هانیان بدەین، ستایشیان بکەین و وا بکەین باوەڕ بەخۆیان بکەن، بۆ ئەوەی بێ کۆسپ و تەگەرە و بە حەزەوە شتەکانمان بۆ بگێڕنەوە، پاشان لە کۆتاییدا ڕێگەمان درا بچین بخەوین.

**شەشی ئاب:**

بەیانییەکەی زوو چووین بۆ بەندەرەکە، بۆ بینینی پەیکەرە لە ئاو نقووم بووەکەی بوودا، ئەوەی چەندان ئەفسانەی لە بارەدا دەگێڕنەوە. پەیکەرێکی کۆن، دەڵێن بۆ سەردەمی کاماکورا دەگەڕێتەوە، لەوان سەردەمان پەیکەرەکە لەسەرەوەی ئاستی دەریادا بووە، بەڵام ئێستا لە کاتی ئاوهەڵساندا بە تەواوی کەوتووەتە ژێر ئاو.

دوای چاشتی، مێوانەکانمان هاتن، جارێکی تر دابەشی سەر دوو گرووپ کراین و لە یەکتری جودابووینەوە، جارێکی تریش سەردانی پەرستگا و مەزارگەکانمان کرد، ئەم جارەیان بە ڕێنمایی خەڵکی ئەوێ. خۆرەتاوێکی بێزارکەر بوو،

پرۆفیسۆر ئێندۆ مشووری شەپقەی پووشینی بۆ سپاکەی خواردبوو: «بۆ ئەوەی کەسم لەدەست نەچێت!» چووینە ناو شاخ و سەر کەپکەکانی دەریا، ئەو شوێنانەی پێوەندییان بە چیرۆکە بیستراوەکان هەبوو. بەردەوام گوێمان لە تەواوکاری چیرۆکەکانی دوێنی دەبوو. درەختێکی زەبەللاحی کامپفێریانی پێشان داین (لەو جۆرە درەختانەیە کە تەلاشەکەی دەکرێتە دارچین-و) کە چەندان ئەفسانەی لەبارەدا دەگێڕنەوە، هەروەها چەند ئەشکەوتێک کە گوایە دێو و درەنجیان تێدا ژیاون، هەروەها چەند تەنگەیەکی دەریا کە گوایە هێزە دەریاییەکان کاتی خۆی خۆیان تێدا مەڵاس داوە. پلەی گەرمایی نزیکەی گەیشتبووە ٤٠ پلە، ئاسمانێکی بێ هەور، بەڵام هیچ شتێک نەیدەتوانی پرۆفیسۆرەکەی ئێمە بوەستێنێت، وەهاش پێ نەدەچوو پرۆفیسۆر پێویستی بە ژەمەکانی خواردن هەبێت. بەردەوام زەبتە بچووکەکەی خۆی بەدەستەوە گرتبوو، یارمەتیدەرەکەشی بەردەوام خەریکی فیلم گرتن بوو. ئێمە لە ناو گەرما نزیکە توابووینەوە، بەڵێ گەڕان بە دوای شوونی کەلەپوور و کۆکردنەوەی ئەفسانە و حەکایەتەکان کارێکی وا ئاسان نییە.

پاش کاژێر یەکی دوای نیوەڕۆ، بۆمان هەبوو بگەڕێینەوە هۆڵی سیمینار. بە لیتر چایەی ساردمان دەخواردەوە، ئەوجا قاوەیان بۆ هێنایین. هەندێک هێزمان هاتەوە بەر، ئەوەش شتێکی زۆر پێویست بوو، چونکە خەریک بوو لەسەر کورسییەکانمان گەرما دەیخستین و دادەهێزراین. ئێندۆی پرۆفیسۆرمان بێباکانە پێی ڕاگەیاندین، ئێستا لەگەڵ یارمەتیدەرەکانی دەچن بۆ «سەنتەری ئۆتۆمبێلی ڕۆژ» (Day Car Center)، «چونکە پیرەژنێکی زۆر بەساڵاچوو لەوێیە، شارەزای ئەفسانەکانە»، بەڵام ئێمەی پسپۆڕانی ئەفسانە دەستمان لە کار هەڵگرت و خوداحافیزیمان کرد، بەرەو ماڵەوە گەڕاینەوە.

ئێندۆ بەم شێوازە سی ساڵی ڕەبەق کاری لێکۆڵینەوەی لەسەر زۆر لە دوورگەکانی ئۆکیناوا کردووە و پتر لە ٧٣ هەزار ئەفسانە و چیرۆکی لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە. هەر هەمووی لە لەبیرچوونەوەی ڕزگارکردوون و بۆ نەوەکانی ئاییندە پاراستوونی، ئەمە هانی منی دا کە لەو ئەفسانە و داستانە ژاپۆنییانەی بکۆڵمەوە، کە تا ئێستا تەنیا بە زمانی ژاپۆنی ناسراون، وەریان بگێڕم. بە شێوەیەکی سەرەکی لەو ئەفسانانەی کە لەلایەن دەستەکەی پرۆفیسۆر ئێندۆ، هەروەها ئەوانەشی کە هیی ئانکۆ سادۆیامانن.

نابێت ئەوەش فەرامۆش بکرێت کە ئەو چیرۆکانەی من بۆم هەبوو خۆم بە گوێچکەکانی خۆم گوێیان لێ بگرم، زۆریان ئەفسانەی هاوتەریب و هاوچەشنیان لە سەرتاسەری ژاپۆندا هەیە، بەڵام هەندێکیان تەنیا لەسەر دوورگەکانی باشووری ژاپۆن ناسراون.

لە بڵاوبوونەوەی ئەو ئەفسانانەدا، لە وڵاتانی زمان ئەڵمانی، بە تایبەت و لە قووڵایی دڵمەوە سپاسی دۆستی خۆشەویست و مامۆستای زانام هانز کریستیان کیرش (ناسراو بە فریدریک هێتمەن)، هەروەها وەشێنەرە پشوودرێژەکەم یۆهانس فیبیگ لە خانەی بڵاوکردنەوەی (کوینیگسفورت ئورینا) دەکەم. یۆهانس مشووری ئەوەشی بۆ خواردم، کە دوای بڵاوبوونەوەی «ئەفسانەکانی ژاپۆن» و «ئەفسانە ئیرۆسییەکانی ژاپۆنی»، ئێستا ئەو کتێبەی سێیەمیشم بکەوێتە بەرچاوی خوێنەر بە زمانی ئەڵمانی کە بەرەو قووڵایی دوورگە سیحراوییەکانی ژاپۆنیان دەبات.